دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی مەریوان کەریم تەفیق ڕاگەیاند

دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی مەریوان کەریم تەفیق ڕاگەیاند.

بەوبۆرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی لە بەیاننامەیەکدا ئەمڕۆ شەممە ڕایگەیاند، "لەسەر فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش لە ڕۆژی (2ـی کانونی یەکەمی 2023)تەمەتباری لە یاسا هەڵهاتوو مەریوان کەریم تەفیق لە قەزای بازیان دەستگیرکرا".

لە بەیاننامەیەکدا ڕوونکراوەتەوە، دەستگیرکردنی ئەم داواکراوە لەلایەن هێزکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم لە کاتێکدایە کە لە ماوەی ڕابردوو چەند ئاژاوەگێڕێک لە سنووری قەزای چەمچەماڵ لە ناحیەی شێش تەقەیەکی زەریان کرد و بوونە هۆی مەترسی و بێزاری هاووڵاتیانی سنوورەکە.

بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، تەمەتباران بەپێی ماددەی 15ـی چێک فەرمانی گرتنیان بە دەرکرا و پاش گێشتنی هێزکانی ئاسایش و کەماندەی کوردستان بە شوێنی ڕووداوەکە، تەمەتباران بە چێک ڕووبەڕووی هێزکان بوونەوە و تەمەتبار (مەریوان کەریم تەفیق) هەڵهات ، پاش ماوەیەک لە خۆ حەشاردان و خۆشاردنەوە، ئەمە شەممە لە قەزای بازیان لەلایەن هێزکانی دەزگای ئاسایشەوە دەستگیرکرا.

ناوبراو چەندین فەرمانی گرتنی دیکەی بەردەستە، هەروەها ڕابردووی تاوان و تەقەکردن و ڕفاندنی هەیە.